# نامەکانی ڤانگۆخ

## نامەی ٣٣

**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: سالار مەجید**



تیوی ئازیز :

ئەگەر دایکم و باوکم بەهەرشێوەیەک بەسەر بکەیتەوە زۆر خۆشحاڵ دەبم، چونکە ئەوان لە بۆچوونەکانی من بە هەڵە تێدەگەن، هەموو ئەو کارانەی من کە لەم زستانەدا ئەنجامم داون ئەوان بە کاری بێسوودو نەگونجاو تەماشای دەکەن.

پێش ئەوی وەڵامی ئەوان بە شێوەیەکی راشکاوانە بدەمەوە تکات لێدەکەم کە داوایان لێبکەیت کە ئەو وشە ناخۆشانەم ئاراستە نەکەن و هەوڵبدەن کە تێبگەن و بەرامبەر کار و رەفتارەکانی من هێندە دەمارگیر و رەق نەبن و بە خۆشەویستی و میهرەبانییەوە رەفتارم لەگەڵ بکەن. ئەگەر تۆ ئەوانەیان لەگەڵ باسبکەیت کاریگەری زۆرتـری دەبێت.

لەو کاتەوە کە عەشقی راستەقینەم ناسیوە حەقیقەتی زۆرترم لە وێنەکێشاندا دەستکەوتووە.

ئێستا کە لە ژوورە هەژارانەکەمدا دانیشتووم کۆمەڵێک ژن و پیاو و مناڵ لە دەورم کۆبوونەتەوە و ئەم نامەیەت بۆ دەنوسم

ڤنسنت فان کوخ



# نامەیەکی د. محەمەد کەمال

# بۆ هونەرمەندی شێوەکار

# سەروەت سەوز

## لە دەروێشێکی بەر دەرگای خانەقای فەلسەفەوە

## بۆ شێخێکی هونەر

هاورێم سەروەت

دەمێکە نیازی نامە نووسینم، بەڵام وا دیارە عەشقی ئەو ڕێگەیەی گرتوومە بەجۆرێک ئاگری بەرداوەتە گیانم ئۆقرە نەگرم مەحوی گوتەنی؛ قیامەت هەر مەگەر رۆژی قیامەت بێتەوە فکرم؛ نازانم کەی سەرە هەڵگرتووەکەم بە مزڵگە دەگاتو بارو تفاقی کاروانەکەی دەخات؟

هاورێی ئازیز، لە بیابانی وجوددا بە پێ خاوس بەسەر لمی زبرو گەرمی قرچەی نیوەرۆی زۆر هاویندا تێپەریووم، وەکو دێوانە یەخەی زۆر چیای بەرزم گرتو هەموو جارێکیش دەگەیشتمە کەپەزێک لوتکەی چیایەکی بەرزتر لەبەر دەممدا قووت دەبووەوە، لەم چارەکە سەدەیەی ژیانمدا لە سەفەرەکەمدا تەنیا بووم، منو تەنیایی دەڵێی سێوێکینو چەقۆی (زەمەن) لەتی کردووین، لە سەفەرەکەمدا دەنگێک بووم تەنیا خۆم گوێم لە خۆم دەبوو، نیگایەک بووم دنیا دیرەو کەسیش منی نەدەبینی، بەڵام هاورێم، منو تەنیایی ئەوەندە رەنگو بۆی یەکریمان گرتووە، خەڵکی وا دەزانن دوو براینو بە سکێک بووین، تۆ نازانیت چەند زەحمەتە دڵەکەت هێندە گەورە بێو هەموو دنیایی لە ئامێزدا هەڵگرتبێ، کەچی بستێ زەوی نەبێ تۆ بەخۆیەوە رابگرێ، تۆ نازانیت چەند زەحمەتە هەموو دنیا رووبارێک بێو تۆش لە تینوێتیدا بمریت.



هاورێم، لە سەفەری تەنیاییمداو لە شەوانی غوربەتە شومەکاندا، بەنیوەرۆش، ئەو چرایەی، وەکو دیۆجنیس، لەسەر شەقامی پایتەختە قەرەباڵغەکاندا هەڵمدەگرت (هاورێیەتی) بوو، من بە ئومێدی دۆزینەوەتان بەو چرایەوە خۆم بە چایخانەی هەموو کۆڵانێکی دەربەدەرییدا کردو قومم نا بە پیاڵەی چاکانەوە، بە یادی چایخانەکەی (کاک مەجید) ەوە بۆنی هەڵمی هەموو قۆرییە چایەکی کوڵاوم کرد، زەنگی تێکدانی پیاڵە چاکان بوون بە مۆسیقای گیانم، بەڵام تۆزقاڵێک سەبووری دڵە گریاوەکەمیان نەدایەوە، من دەمزانی (دووری) ستەمەو خۆی لە من کردووە بە حوکمی قەرەقوش، کەچی ساتێک نەبوو لەگەڵ یادەکانتانا نەژیمو سواری سیمرخی خەیاڵ نەبمو خۆم نەگەیەنمە لاتان، لە رۆژێکدا چەند جارێک بەسەر باڵەکانی سیمرخی خەیاڵەوە بەسەر کۆڵانەکانی شارەکەما دەسورێمەوەو ژووری پر دووکەڵی جگەرەی چایخانەکانت بۆ دەگەرێم.

هاورێم، لەناو دۆزەخی تەنیاییدا ئەگەر خوێندنەوەو نووسین نەبوایە دەمێک بوو سوێم دەبووەوەو دڵەکەشم لە کوتوکەت دەکەوت، (نووسین) من دەکات بە مردوویەکی زیندوو، مرۆڤ دەمرێ، بەڵام بە نووسینو هونەر بۆ هەمیشە دەژی، ژیانی بێ هونەر ژیانی مرۆڤی بچووکە، من قێز لە ژیانی مرۆڤی بچووک دەکەمەوە، کە لە کۆتاییدا سەرەتا رەتناکات.

بەڵام، هاورێی ئازیزم، ئەی مرۆڤی گەورە، هونەر (هێزی رزگاریکەرە).

بەئومێدی بینینەوە

لە مەنفایەکی هەمیشەییەوە

محەمەد کەمال

٢٠٠٣/١٢/٢١